United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)
بعـثـــة الأمـــم المـتــحـــدة لمساعدة العـراق (يـــونـــامي)

## نوسینگەی ڕاگەیاندن

## لێدوانی ڕۆژنامەوانی

# نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە نەورۆز: هیوادارین مۆتەکەی داعشی تیرۆریست بەزوویی کۆتایی پێ بێت

بەغداد، ٢٠ی ئاداری ٢٠١٧:- نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق یان کۆبیش سەڵاو و پیرۆزبایی گەرمی خۆی ئاراستەی خەڵکی عیراق بەگشتی دەکات و بە تایبەتیش ئەوانەی بەبۆنەی نەورۆزەوە ئاهەنگ دەگێڕن.

بەڕێز کوبیش لەمبارەوە دەڵێت "لە ڕاستیدا نەورۆز کاتی ژیانەوەیە و سەرەتایەکی تازەیە بۆ برادەران و ئەندامانی خانەوادە کە بەیەکەوە لە کەشێکی ئاشتیدا ئاهەنگ بگێڕن. بەداخەوە، ئەمڕۆ بۆ چەندان خەڵك ئەم یادکردنەوەیە هەرگیز فەراهەم نابێت بەهۆی بەردەوامبونی شەڕی تەفروتوناکردنی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام) تیرۆریست لە شوێنە سەرسەختەکانی کە ئەمەش بووەتە مایەی دەربەدەرکردنی هەزاران خەڵك لە ماڵوحاڵی خۆیان. من دەستخۆشی لە خۆڕاگری و قارەمانیی خەڵك دەکەم بەرابەر نەهامەتی و ناخۆشیەکان. هیوادارین کە ئەم مۆتەکەیەی کە داعش دروستی کردووە بەزوویی و بەڕزگاکردنی موسڵ و ناوچەکانی ترکۆتایی پێ بێت و ئاوارەکانیش بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان".

ئەو هەروەها وتیشی "بەم بۆنەوە من دەمەوێ دەستخۆشی لە ئازایەتیی هێزەکانی ئاسایشی عیراق و هێزەکانی پێشمەرگە بکەم کە ئێستا یان شەڕی داعشی تیرۆریست دەکەن و یانیش لەسەرتاسەری وڵاتدا بوونەتە پاسەوان و هەر قوربانییەکانی ئەوانیشە کە ئاهەنگی نەورۆزی لە زۆر ناوچە بەشێوەیەکی ئاشتی و ڕێکوپێك دەستەبەر کردووە".

* * * *

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی نوسینگەی ڕاگەیاندن و تەبێژی (یونامی) بەڕێز سەمیر غەتاس به ئیمێلی ghattass@un.org یان unami-information@un.org یانیش بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٠٩٦٤٧٩٠١٩٣١٢٨١